ئەنجومەنی دادوەری
ژمارە: ٢٠٦ لە ٢٠٢٢/٤/١٠

**بڕیار**
**ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

لەسەر پێشنیاری یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان بە نووسراویان ژمارە (٦) لە ٢٠٢٢/١/٣٠ کەتیایدا داوا دەکەن بە دیاریکردنی ڕۆژێک وەکو ڕۆژی دادوەری لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بڕیاریدا بە :-

- دیاریکردنی ڕۆژی (١٦ی کانونی دووەم) وەك ڕۆژی (**دادوەری لە هەرێمی کوردستان / یوم القضاء الکوردستانی**) کە هاوکاتە لەگەڵ پێکهێنانی سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (١٩٩٣/١/١٦).
- ئەم بڕیارە بڵاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

ئەنجومەنی دادوەری
ژمارە: ٢١٦ لە ٢٠٢٢/٤/١٢

**بڕیار**
**ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

دوا بە دوای بڕیارمان ژمارە (٤) لە ٢٠٢١/٢/١٠ کە تایبەتە بە پێکهێنانی (دادگای تاوانەکانی بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی ) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و لکاندنی بە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بۆ دادگایی کردنی سەرجەم تۆمەتبارانی تاوانی گەندەڵی کە بەپێی بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ لە وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٦٣) لە ٢٠٢١/٣/١٨ بڵاوکراوەتەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتی و باشتر و خێرا بەڕێوەچوونی کەیسەکانی گەندەڵی و ڕەچاوکردنی بابەتی تایبەتمەندی شوێن ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بڕیاریدا بە:-

- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سەرەوەمان وە دیاریکردنی دادگای تاوان لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی (هەولێر - سلێمانی - دهۆك - کەرکوك / گەرمیان) تایبەتمەند دەبێت بە بینینی کەیسەکانی گەندەڵی (تاوان) دوای ئەوەی کە لە لایەن دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند ڕەوانە دەکرێت.
- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**